# پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە دروستیی دەرونیی لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان

**تانيه وصفي عبدالله**

بەشی دەروونزانی و زانستە پەروەردەییەکان، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە پێوانی ئاستی هەریەک لە پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی و دروستیی دەرونی لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان لە شاری هەولێر وە پێوانی ئاستی هەریەک لە پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی و دروستیی دەرونی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) و- (تەمەن) و (ماوەی مانەوە) و پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و دروستیی دەرونی. نمونەی توێژینەوەکە بریتی بو لە (35) منداڵ خانە (17) نێر و (18) مێ، توێژەران بۆ پێوانی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی پێوەری ( الدوسەری-٢٠٢٠) بەکارهێناوە، بۆ پێوانی دروستیی دەرونی پێوەری ( قادر-٢٠١٤ ) ، توێژەران بەکەلکبون و جێگیریان بۆ پێوەرەکان دەرخست کە لە ئاستێکی بەرزدابو، دواتر بە بەکارهێنانی پێوەرەکان و دابەشکردنی بەسەر نمونەی توێژینەوەکە، لە ئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەرکەوت کە ئاستی هەردو گۆڕاو بەرزە لای نمونەی توێژینەوەکە وە هیچ جیاوازیەک نەبو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ ) و (تەمەن) و (ماوەی مانەوە) ، بۆ زانینی پەیوەندی نێوان هەردو گۆڕاو توێژەران پێوانی (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن) بەکارهێنا کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوانیان بە بەهای (0.73**) بو، لە دوای دەرهێنان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان توێژەران گەیشتن بەم ئەنجامانە: نەبوونی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوە. نەبونی تەندروستیی دەرونی لای نمونەی توێژینەوەکە. کاریگەریی نەبونی (ڕەگەز) بەپێی گۆڕاوی پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە. کاریگەریی نەبونی (ڕەگەز ) ە بەپێی گۆڕاوی تەندروستیی دەرونی لای نمونەی توێژینەوەکە. کاریگەریی نەبونی (تەمەن) لای نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی. کاریگەر نەبوونی (تەمەن) ە. لای نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەندروستی دەرونی. بونی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردو گۆڕاو لای نمونەی توێژینەوەکە.

**وشە سەرەکییەکان:** پاڵپشتی، پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی، دروستی دەرونی، منداڵی بێ سەرپەرشت، خانەی بێ سەرپەرشتان

.

## ١. پێشەکی

لەدەستدانی دۆخی ئاسایی خێزان دەست پێدەکات لە ئەنجامی مردنی یەکێک لە باوان یان هەردو دایک و باوکی، یان تەنانەت جیابونەوەی دایک و باوکی و وازهێنانیان لێی بە هەر هۆکارێک بێت، بە هۆکارێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ گۆڕینی منداڵ لە منداڵێکی ژیان ئاسایی و کەشێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئاساییدا بۆ منداڵێک کە دۆخێکی دەرونی ئاڵۆزی هەیە، کە قەیرانی دەرونی و کێشەی کۆمەڵایەتی سەخت دروست دەبێت بۆی، منداڵ زۆرجار هەست بە بێ پاڵپشتی دەکات بەتایبەت ئەوانەی دایک و باوکیان نەماوە ئەمەش هەستی ترسییان لەلایان دروست دەکات، دەربارەی دروستی دەرونی دەتوانین بڵێین بارودۆخێکی سەلامەتە تاک دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بارودۆخی دڵەڕاوکی ئەو تاکەی دروستی دەرونی هەبێت توانای بڕیاردانی دەبێت و قسەوکرداری یەکە. پاڵپشتی کردنی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان لە هەر تاکێک و جیلێکی تری کۆمەڵ زیاتر پێویستن، وەک دەزانین منداڵان داهاتوی کۆمەڵگەن بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین پاڵشتیی دەرونی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەدروستیی دەرونی لای منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان بزانی.

### ١-١ گرفتی توێژینەوە.

هەستکردنی توێژەران بەبونی کێشەیەک دەبێتە سەرەتا بۆ کارکردن لەسەر هەر بابەتێک، بۆ دۆزینەوەی هۆکار و کاریگەرییەکانی کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبێت، سەرەتای هەر توێژینەوەیەکیش لەئەنجامی هەبونی کێشەیەک سەرهەڵدەدات، کە تیایدا توێژەر هەوڵ دەدات لەڕوی خستنەڕوی زانیارییەکانی هۆکار و چارەسەر و دەرئەنجام بۆ کێشەکە بخاتە ڕو مەبەست لەبونی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیانە لەسەر بنەمایەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر کردنی ئەو هۆکارانەی کە بەرپرسن لە سەلامەتی تاکەکە، منداڵانی بێ سەرپەرشتان کە بە ڕوداوی سەخت یان نارەحەتکەردا تێدەپەڕن کە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر باشی سۆزداری و دەرونی و کۆمەڵایەتیان هەیە، بەرکەوتن بە توندوتیژی یان کارەسات، لەدەستدان یان جیابونەوە لە ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان،

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٣ حوزەیران ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٢ تەمووز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ ئادار ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: tanya.abdwllah@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ تانيه وصفي عبدالله، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp266-275

تێکچوونی بارودۆخی ژیان، خزمەتگوزارییەکان هەموویان دەتوانن لێکەوتەی دەستبەجێیان هەبێت ، و سەختی گونجاندن لەگەڵیان (منال، ٢٠١٨، لا٥)، سەبارەت بەمنداڵی خانەی بێ سەرپەرشتان جۆری زۆرە چیرۆکی هەریەکێکیان جیاوازە ناخ هەژێنە کە دایک و باوک ناکۆکن منداڵ هەمیشە قوربانی یەکەمە، ئازاری ئەو منداڵی باوک و دایکی نەماوە کەمترە لە و ئازاری کە منداڵێکی ناشەرعیە چونکی قوربانییە بێ ئەوەی هەڵەیەکی کردبێت بەچاوێکی تر سەیردەکرێت خۆ توانای بڕیاردانی نییە ئەسڵەن کەس حەز ناکات منداڵێکی ناشەرعی بێت لەوەیە هەستکردن بەکەمی و هەستی ڕق و تورەیی لە لایان زۆر بێت. لەتێڕوانینی ئەوەی باسمان کرد لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت، ئایا پاڵپشتیی دەروونی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە دروستیی دەروونی لای منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان هەیە ؟

## ١-٢ گرینگی توێژینەوە:

پاڵپشتیی دەروونی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کۆی ئەو خزمەتگوزارییانە لە خۆ دەگرێت، کە منداڵ پێویستی پێیانە لە ڕێگەی پرۆگرامی خۆپارێزی، گەشەپێدان، و چارەسەری، کە ئامانجەکەی گەیشتنە بە پلەیەکی باش لە گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی و زیادکردنی بەرهەمهێنان و پاڵنەرەکانی تاکەکان لەبارودۆخە جیاوازەکاندا (منال، ٢٠١٨، لا٥)

پاڵپشتی کردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان لە هەر تاکێک و جیلێکی تری کۆمەڵ زیاتر پێویستن، وەک سەرەتا باسمان کرد کە منداڵان داهاتووی کۆمەڵگەن بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین پاڵشتیی دەروونی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەدروستی دەروونی لای منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان بزانی.

دروستی مرۆڤ تەنها پەیوەست نییە بەجەستەوە بەڵکو لایەنی دەروونیش دەگرێتەوە گرینگی لە لایەنی جەستەیی کەمتر نییە ، ئەگەر زیاتر نەبێت، دوریش نییە وەك جەستە توشی نەخۆشی و پەشۆکاوی ببێت و وەك هۆکاری واقیعی و تایبەتی خۆی هەیە، کە دەبێتە هۆی توشبونی ، ئەگەر زانرا ئەوە چارەسەرکردنی ئاسان دەبێت و مرۆڤ لەو گرفت و نەخۆشییە دەروونییە ڕزگاری دەبێت و دەتوانرێت لە داهاتوش پارێزگاری لە تاکەکانی تری کۆمەڵ لەو نەخۆشییە بکرێت،(قەرەچەتانی، ٢٠١٥،لا٣٦٢-٣٦١).

بەشێوەیەکی گشتی بەلەبەرچاوگرتنی و ئەو ڕەوشەی تێیدا دەژین و یەکگرتنەوەی توێژینەوەکە و زیندویی بابەتەکە توێژەر ئەم بابەتە بە شایانی توێژینەوە و کارلەسەرکردن دەزانێت، چونکە لە خۆی ڕەنگدەداتەوە، لەگەڵ ئەوەی تەواوی توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو و زانستیدا دەڕوات دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی تری زانستیی گونجاو و بخرێتە بەردەستی توێژەرانی داهاتو بۆ درێژەدان بە خزمەتکردن لەبوارەکە.

**بە سود وەرگرتن لەو بابەتانەی سەرەوە کە باسی لێوە کرا، دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوەیە گرنگە لەبەر ئەوەی سود بەم لایەنانەی خوارەوە دەگەیەنێت:**

١.کارمەندانی خانەی بێ سەرپەرشتان: ئەم توێژینەوەیە زانیاری دەدات بە کارمەندانی خانە دەربارەی پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی دروستیی دەروونی.

٢.پسپۆڕان: ئەنجامی توێژینەوەکە بۆ ئەو توێژەرانەی کە دەیانەوێت توێژینەوەیەک بکەن لەسەر ئەم بابەتە یان بابەتێکی تری پەیوەندیدار بە خانەی بێ سەرپەرشتان.

٣.ئەم توێژینەوەیە باسی لە توێژێکی گرنگ و بنەڕەتی کۆمەڵگای کردووە کە منداڵانی بێ سەرپەرشتن.

٤.توێژینەوەکە گرنگە لەبەرئەوەی گرنگی دەدات بە دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵاتی منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوە :

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی:**

1- ئاستی پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵاتی لە لای نمونەی توێژینەوەکە.
2- ئاستی دروستیی دەروونی لە لای نمونەی توێژینەوەکە.
3- ئاستی پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵاتی بە پێی گۆڕاوی( تەمەن ،- ڕەگەز ، ماوەی مانەوە).
4- ئاستی دروستیی دەروونی بە پێی گۆڕاوی( تەمەن ،- ڕەگەز، ماوەی مانەوە ).
5- پەیوەندی نێوان پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵاتی و دروستیی دەروونی لەلای نمونەی توێژینەوەکە.

## ١-٤ سنوری توێژینەوە

1-سنوری بابەتی : پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە دروستیی دەروونی) لای منداڵانی (خانەی بێ سەرپەرشتان) لە (پارێزگای هەولێر) بۆ ساڵی (2024-2023)م.

2-سنوری مرۆیی: منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان

3-سنوری شوێن: هەولێر، خانەی بێ سەرپەرشتان

4-سنوری کات:ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤م.

## ١-٥ ناساندنی زاراوەکانی توێژینەوەکە:

**1.پاڵپشتی:**

یارمەتییەکی کردەیی و دارایی و دەروونی کەپێشکەشی تاکی کۆمەڵگە دەکرێت لە لایەن کەسانی چواردەوری وەک: ئەندامانی خێزان ، هاوڕێ و دراوسێ و هاوڕێیانی وە توانای ڕادەی کەسەکە بۆ قبوڵکردن و درککردن بەو یارمەتییە.(حبیب,2022,لا 131).

**2.پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵایەتی**

**پێناسەی (Phillips-2015)** پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نزیکی نێوان تاکەکان و لایەنە بە کۆمەڵەکانی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، لە بارودۆخە تایبەتەکاندا دەتوانرێت پاڵپشتیی دەروونی کۆمەڵایەتی بگونجێندرێت بۆ دابینکردنی پێداویستیە دەروونی و جەستەییەکانی کەسانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە.-2019 (Adele،Jaraiseh,p9)

**پێناسەی پێوەری توێژینەوە (الدوسري، ٢٠٢٠)** پێناسەی پاڵپشتیی دەروونی کۆمەڵایەتی بەوە کردووە کە پاڵپشتیی دەروونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک یارمەتی ماددی و سۆزداری و زانیارییە کە بەردەوام پێشکەشی بێ سەرپەرشتان دەکرێت لەلایەن هاوڕێ و لایەنە پەیوەندیدارەکان(الدوسري،٢٠٢٠، لا ١٣١)

**-پێناسەی کرداری توێژینەوە:** (کۆی ئەو نمرەیە کە منداڵ لە"خانەی بێ سەرپەرشتان"لەسەر وەڵامدانەوەی ئەو بڕگانەی لە پێوەری پاڵپشتیی دەروونی کۆمەڵایەتی وەری دەگرێت کە لەم توێژینەوەیە بەکاردێت).

3. دروستیی دەروونی.

**پێناسەی (شیماء، رحمة، ٢٠٢٢)** تەندروستیی دەروونی بریتییە لە دۆخێکی هاوسەنگی لەنێوان ئەرکە دەروونییەکانی تاک کە بەهۆی ئەوەوە هەست بە ئاستێک لە ڕازیبون و گەیشتن بە پێویستی دەکات.(شیماء، رحمة، ٢٠٢٢،لا ١٠)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp266-275

**پێناسەی پێوەری توێژینەوە** : گۆڵدبێرگ(٢٠٠٦) درووستیی دەروونی بەمشێوەیە پێناسە دەکات: حاڵەتێکی خۆشگوزەرانی کە تێیدا هەر تاکێک دەتوانێت توانای خۆی بەدیبهێنێت، خۆی لەگەڵ بارودۆخە ئاساییەکانی فشاردا بگونجێنێت، بە شێوەیەکی بەرهەمدار و بەسود کاربکات و بەشداری لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکەیدا بکات، ئەوە تەنها نەبونی نیە تێکچونی دەرونی.(قادر،2013، لا ١٧٨)

**-پێناسەی کرداری توێژینەوە** : (کۆی ئەو نمرەیە کە منداڵ لە "خانەی بێ سەرپەرشتان"لەسەر وەڵامدانەوەی ئەو بڕگانەی لە پێوەری دروستیی دەرونی وەری دەگرێت کە لەم توێژینەوەیە بەکاردێت).

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.

### ٢-١ چەمکی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی

مرۆڤ بە سروشتی خۆی، بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە کە کاریگەریی لەسەر تاکەکانی دەوروبەری دەبێت و کاریگەریی ئەوانیشی لەسەر دەبێت و ڕوبەڕوی کێشە و سەختی دەبێتەوە لە ژیانیدا، چ لەگەڵ خێزانەکەی، هاوکارەکانی، مامۆستاکەی لە قوتابخانە یان بەڕێوبەرەکەی لە شوێنی کارەکەی یان هەر هۆکارێکی تر.

ڕەنگە ئەم کێشانە کاریگەریی نەرێنی لەسەری هەبێت، ئەمەش وا دەکات پێویستی بە پاڵپشتی هەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەمو ئەو شتانەی کە پێیدا تێدەپەڕێت تاکو هەستی نەرێنی لە ژیانیدا کەم بکاتەوە و هەستی ئەرێنی جێگەی بگرێتەوە و هەست بە ئاسودەیی دەرونی بکات، ڕەنگە پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی گونجاوترین ڕێگا بێت بۆ یارمەتیدانی تاکەکان، بەو پێیەی زۆربەی ئەو بەربەست و کێشانەی کە تاک ئەمڕۆ روبەڕوی دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەرونی تاک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، کە پاڵپشتیی دەرونی کۆمەڵایەتی پێشوەختە و گونجاو بە گشتی یارمەتی مرۆڤ دەدات باشتر بەسەر کێشەکانیدا زاڵبێت یارمەتی دەدات بڕیاری دروست و گونجاو بدات.

پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی چەمکێکی تاڕادەیەک نوێیە و (کۆب و (کاپلان) و (کاستڵ) بە دیارترین گرنگیپێدەرانی ئەم چەمکە لەم سەردەمەدا دادەنرێن.

(کۆب- 1985) پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەمشێوەیە دەناسێنێت دەڵێت : زانیارییەکە کە مرۆڤ بەرەو ئەوە دەبات باوەڕی بەوە هەبێت کەسێک گرنگی پێدەدات، خۆشی دەوێت، قەدری دەزانێت، لەلای بەنرخە، سەر بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، یان پابەندە بە ئەنجامدانی ئەرکە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئەوانی تر ، هەروەها وا (حسن-٢٠٠٤) وای ناساندووە کە: بڕی ئەو شتانەیە کە تاک لەکاتی پێویستدا لە روی پێشنیاز و زانیاری و ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە دەیزانێت و بەدەستی دەهێنێت لە خێزان، مامۆستا، هاوتەمەنەکانی (هاوکار و هاوڕێکان)، و تا چەند هەست دەکات بەوەی خۆشەویستە لەلای ئەوان و گرنگی پێدەدرێت و پێداویستییەکانی لەڕێگەی کارکردن لەگەڵیان جێبەجێ دەبن.( مـــــنال - ٢٠١٨ - لا ١٢ )

### جۆرەکانی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی :

سەرچاوەی جۆراوجۆری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ ڕاگیراوەکان لە دامەزراوەکانی چارەسەری دەرونیدا بەپێی باری پزیشکییان هەیە ، گرنگترینیان (موراد - ٢٠١٥) بەمشێوەیەی خوارەوە ڕونی کردۆتەوە:

**-پاڵپشتیی دەرونی سۆزداری:** نیشاندانی دەرکەوتەکانی متمانە و خۆشەویستییە، هەروەها پێناسە دەکرێت بەو پاڵپشتی و پشتگیرییەی کە نەخۆش لە کەسانێکەوە وەریدەگرێ کە هاوکاری دەکەن، لە بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا لەگەڵی دەبن، هەڵوێستی ئەوان بەرامبەری و گرنگیدانیان پێی، ئەوانە وا دەکەن متمانە بەخۆی و کەسانی تریش بکات، لە کاتی خۆشیدا دڵخۆشتر دەبێت و لە کاتی ناخۆشیدا زیاتر هێمن و ئارامگر دەبێت، ئەمەش بۆ ڕاگیراوەکان لە ڕێگەی چالاکییە هونەری و کاتبەسەربردنەکانەوە بەدەست دێت کە لەلایەن تیمی پزیشکی تەندروستییەوە ئەنجام دەدرێن، هەروەها سەردانیکردنی خێزان و هاوڕێکانیان و بەشداریکردنیان لەو بۆنە و ئاهەنگانەدا کە لە شوێنی مانەوەیان بەڕێوەدەچن.

**-پاڵپشتیی پێزانین:** بریتیە لە پاڵپشتیی دەرونی کە نەخۆشەکە لە تیمی پزیشکی تەندروستی و کەسانی دیکە وەریدەگرێت کاتێک پیرۆزبایی لێدەکەن، ستایشی دەکەن، خۆشەویستی لەگەڵ دەگۆڕنەوە، دڵنەوایی دەکەن، لە هەستەکانی دڵەڕاوکێ و ناڕازیبون ڕزگاری دەکەن و هانی دەدەن گەشبینانە بیربکاتەوە و بە چارەنوسی خودا ڕازی بێت.

**-پاڵپشتی زانیاری:** پێشی دەوترێت ڕێنمایی مەعریفی، چونکە پێشکەشکردنی زانیاری و دیدگا و ئەزمون و ئامۆژگاری لەخۆدەگرێت لەلایەن تیمی پزیشکی تەندروستییەوە کە زانیارییەکانی نەخۆشەکە دەوڵەمەند دەکات و وای لێدەکات زیاتر تێگەیشتن و زانیاری هەبێت لەسەر هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکست، توانای بەردەوامبونی لە سەرکەوتن و بەرگەگرتنی لەکاتی پاشەکشە و شکست زیاد دەکات، واتە ئامۆژگاری نەخۆشەکە دەکات بۆ ئەوەی خۆی لە شکست بەدور بگرێت، و بەرەو سەرکەوتن بڕوات.

**-پاڵپشتیی ڕەوشتی:** بە بەشداریکردن لەو چالاکی و ئەرکانە کە پێویستیان بە توانای جەستەیی هەیە.

**-پاڵپشتیی دارایی:** پاڵپشتی دارایی تاکەکە.

**-پاڵپشتیی ڕێزلێنان:** پێی دەوترێت پاڵپشتیی دەربڕین یان ڕێزلێنانی خود، چونکە پشتگیری لە شێوەی زانیاریدا بە کەسەکە دەگات، کە ئەم کەسە پایەدار و قبوڵکراوە، هەروەها متمانەی بە خۆی باشتر دەبێت بە گەیاندنی ئەوەی کە قەدری دەزانرێت بەهۆی بەهای خۆی و ئەزمونەکانییەوە، سەرەڕای هەر سەختییەک یان هەڵەیەکی تاکەکەسی قبوڵکراوە.

**-پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی:** تاک بە دو شێوە بەدەستی دەهێنێت، بە شێوەیەکی فەرمی، تایبەتمەند، لە لایەن پسپۆڕی دەرونی یان کۆمەڵایەتی و ڕاوێژکاری شارەزا بۆ یارمەتیدانی کەسانی توشبو بە کێشە و بەربەست، یان لە ڕێگەی پێگە یان دامەزراوە حکومییە تایبەتمەندەکانەوە، یان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە خۆبەخشەکانەوە کە پسپۆڕان پێشکەشی دەکەن، یان هاوکاری نافەرمی کە بریتییە لەو هاوکارییەی کە تاک لە خێزان و هاوڕێ و هاوکار و دراوسێ و خزمەکانی وەریدەگرێت، لە شێوەی سەردان و پەیوەندی و کۆبونەوە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا، لەگەڵ هاوکاری دارایی لەکاتی قەیرانەکاندا.(حمیدالدین ،٢٠٢٢ - لا ١٢٠٥،١٢٠٤)

### بیردۆزەکانی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتییان:

**-بیردۆزی فێربونی کۆمەڵایەتی ( نظرية التعلم الاجتماعي)** زانایانی فێربونی کۆمەڵایەتی، لەوانەش (باندۆرا)، سەرنجیان خستە سەر ژینگە و توخمەکانی لە دیاریکردنی ڕەفتاری فێرخواز و هەروەها تایبەتمەندییەکانی نمونە و بارودۆخەکانی، واتە ئەو نمونە کۆمەڵایەتییەی کە تایبەتمەندە بە گەرمی پەیوەندی و ڕەزامەندی سۆزداری، لێکچونی ئەو نمونە کۆمەڵایەتییە لە پێویستییەکانی کەسی فێربو کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی فێربون هەیە و هێز و پشتیوانی بۆ بەرجەستە دەکات.

**٣ -تیۆری وابەستەیی سۆزداری ( نظرية التعلق الوجداني)** (بۆوڵبی) لە بیردۆزەکەیدا ڕونیکردەوە کە ئەو تاکانەی وابەستەیی سروشتی باشیان هەیە لەگەڵ ئەوانی تر زیاتر پشت بە خۆیان دەبەستن لە چاو ئەوانەی ئەم پەیوەندیانەیان نییە، لە نەبونی ئەو پەیوەندییە کە لە ڕێگەیەوە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێت، تاک ڕوبەڕوی چەندین مەترسی ژینگەیی دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی دابڕان و کشانەوە و دورکەوتنەوە لە کەسانی دیکە.(حبیب،2022 ،لا 426)

### ٢-٢ دروستیی دەرونی

### چەمکی دروستیی دەرونی

لەم سەردەمەدا دیاردەی دروستبونی کێشە دەرونیەکان و سایکۆماتیەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا ڕو لە زیادبونە،و وا دیارە کە ئەم کێشەو تێکچونانە کاریگەریی پێچەوانەی دەبێت لە دەرون و کەسایەتی تاک لەگەڵ کاریگەریی کردن لە ژیانی کەسی تاک و ژیانی خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکەیان،و هەربۆیەش کە تەندروستیی دەرونی و تەندروستیی جەستەیی تا ڕادەیەکی زۆر پێکەوە بەندن و هەر کێشەیەک لەواندا دەبێتە هۆی کێشە لە کەسایەتی بە گشتی،بۆیە پێویستە لەسەرمان کە گرینگی بە تەندروستیی دەرونی بدەین وەک چۆن کە گرینگی بە تەندروستیی جەستەیی دەدەین، لەم وەرزەدا زیاتر بە تەندروستیی دەرونی ئاشنا دەبین.(مارية، الزهراء-٢٠٢٢-لا١٥)

زۆرێک لە لێکۆڵەرەوەکان ڕاو بۆچونی جیاوازیان سەبارەت بە دیاری کردنی چەمکی تەندروستیی دەرونی هەیە ئەمەش بەهۆی جیاوازیان لە پسپۆڕیە زانستیەکانیان یانیش لە مەزهەبە فکریەکانیان کە ئەمەش وایکردووە کە دیاری کردنی پێناسەیەک بۆ چەمکی تەندروستیی دەرونی کارێکی قورس بێت.

انجلش(١٩٥٨)وای ناساندووە کە:حاڵەتێکی تاکە بۆ بەرگەگرتن کە ئەمەش وای لێ دەکات کە کەیف خۆش بێت و چێژ لە ژیان وەر بگرێت و خود بەدەستبهێنێت،کە ئەمەش حاڵەتێکی ئەرێنییەو نەخۆشی دەرونی تیایدا بزرە.

ماسلو لە (١٩٦٤) وای ناساندووە کە:تەندروستیی دەرونی تەنیا حاڵەتێکی گونجان نییە،بەڵکو ئاراستەیەکە کە وامان لێ دەکات بگەڕێین بەدوای بنەماو بەهاکاندا،کە وا بکات تاک سەرکەوتو بێت لە بەدەست هێنانی خود بەمەش دەگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ خودی خۆیدا.(سعدالله،مسیخ - ٢٠٢٢- لا١٤١)

**ئەوهۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر تەندروستیی دەرونی هەیە:**

**١-خێزان:** زانایانی دەرونی دەڵێن کە مرۆڤ درێژکراوەی منداڵییەتی،خێزان بە ژینگەی یەکەم و زۆرترین کاریگەریی دادەنرێت لەسەر داهاتوی،بۆیە ئەگەر ئەم بنەڕەتانە تەندروست بێت ئەوا تاک و پیشەوەری تەندروستمان بۆ بەرهەم دەهێنێت، پیشەوەرەکان دەناڵێنن بەدەست ڕێک نەکەوتنەوە ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەفتارانەوە کە لە ناو خێزانەکانیان بەدەستیان هێناوە وەکو هەندێک ڕەفتاری سلوکی تێژ وەک هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی،ڕێزنەگرتن لە کاتەکان،پارێزگاری نەکردن لە ڕێساکان،بەڵام بنەڕەتی خێزانی نا تەندروست تاکێک بەرهەم دەهێنن کە دەناڵێنێت بەدەست هەندێک ڕەفتاری نەخوازراو و پەسەند نەکراو.

**٢-قوتابخانە:**ئەو پیشەوەرەی کە لە منداڵی چەند ساڵێک لە قوتابخانەدا ژیاوە کەشێکی لە پەیوەست بون و ڕێکخراو و ئازادی دیموکراتی هەیە بەهۆی مامۆستاکانی کە نمونەی دڵسۆزی و جدی بون و خۆشەویستی کارن بێگومان کۆمەڵێک بەرهەم دێنن کە هەروەک ئەم سیفاتانەیان هەیە کە ئەمەش وا ئەکات کە کەسێکی سەرکەوتو بێت لە کارەکەیدا و ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ تەندروستیی دەرونی،بەڵام ئەوەی لە قوتابخانە دور کەوتووەتەوە توشی تێکچون و کەمتەرخەمی و ڕێزنەگرتن دەبێ لە کارەکەی کە ئەمەش چارەنوسی تاکەکانی دوڕانە تیایدا ئەمەش وا دەکات کەیفخۆش نەبێ لەگەڵی بەهۆی ئەو ڕەفتارە خراپانەی لە قوتابخانەوە وەری گرتووە کە ئەمەش کاردەکاتە سەر تەندروستیی دەرونی کەسەکە.

**٣-ژینگەی کار:**سەلمێنراوە کە ژینگەی کاری پیشەوەر یەکێکە لەو هۆکارانەی کا کاردەکاتە سەر ڕەفتارەکانی.

**٤-بارودۆخی کار:**هەمو کارێک بارودۆخێکی تایبەتی هەیە،پیشەوەر هەیە کە شوێنەکەی پاکە و کەشێکی فێنکی هەیە،پیشەوەر هەیە کە کەشی کارەکەی گەرمایەکی توندە،پیشەوەر هەیە کە کەشی هەواکەی کۆنە،بۆیە ئەگەر بارودۆخی کار قورس بێت و گونجاو نەبێت بۆ تاک و باری دەرونی،دەبێتە هۆی پەیوەست نەبون بە کارەکەی و نەبونی خۆشەویستی و نەبونی حەز بۆ هەوڵدان بۆی کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەفتاری پیشەگەر و لەسەر تەندروستیی دەرونی دەبێت ، هەربۆیە کاتێک مرۆڤ لە کەشێکی گونجاودا کاردەکات و ئاسودە دەبێت لەکارەکەی ئەوا بە شێوەیەکی باشتر کاردەکات.(الزبیری -٢٠٢٠ - لا ٩٦ )

ئەو بیردۆزانەی کە دروستیی دەرونیان ڕونکردۆتەوە:

**1-تیۆری دەرونشیکاری-فرۆید :**

تێڕوانینەکان زۆرن و جۆراوجۆرن سەبارەت بە دروستبونی تێکچونی دەرونی لە تەندروستیی دەرونیدا بەگشتی هەمو تێڕوانینەکان هەوڵی دڵنیایی کردنەوە دەدەن لە هۆکاری نەخۆشیەکە و وێنا کردنی بارودۆخە دەرونیەکەی و هەوڵ دەدەین ئەو تێڕوانینانە پیشان بدەین بە شێوەیەکی تایبەت.

ـ تێگەشتنی تەندروستیی دەرونی لە دەرون شیکاری (فرۆید)

بیرکردنەوەی شیکاری بۆ ڕونکردنەوەی تەندروستیی دەرونی توانای ڕوبەڕوبونەوەی پاڵنەرە بایۆلۆجی و ئارەزووەکان و زاڵبون بەسەریدا هەیە لە ژێر ڕوناکی داواکاریەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی وە سەرکەوتن بەسەر دەستەبەرکردنی داواکاریەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی داواکاریەکانی ئەو ،و من ،و منی باڵا(بونوة ، عمارة - ٢٠٢٢، لا ٢٥).

**تیۆری مرۆڤایەتی :**

ابراهام ماسلو و تەندروستیی دەرونی: لەلای ماسلو پێوەرەکانی تەندروستیی دەرونی بە ڕادەی تێربونی تاک لەو شتانەی کە پێویستیەتی دیاری دەکرێت، کەسی توڕە ئەو کەسەیە کە بێ بەشکراوە یانیش خۆی بێ بەشکردوە لە تێربونی لە پێویستیە بنەڕەتیەکانی. ئەمەش وای لێدەکات کە توانای بەرەو پێشچونی نەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی بۆ خودی خۆی هەر لەو کاتەشدا هەست بە هەڕەشەو نەبونی ئاسایش و ڕێزێکی کەم بۆ خودی خۆی دەکات.

بەڵام کەسی هاوسەنگ سەرکەوتو بوە لە تێرکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی،تاوەکو گەشتۆتە لوتکەی هەرەمەکە کە ئەویش:

ئەو کەسایەتیەی کە خۆی بەدەست هێناوە(بەدەست هێنانی خودی) ئەویش ئەوەیە کە کەسەکە هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات کە ئەو کەسە بێت کە دەیەوێت و ژیانێکی بە مانا دەژی و داواکاریەکانی بەدی دەهێنێت. (قبایلیة ، قبایلیة - ٢٠٢٢ - لا ١٩ - ٢٠).

### ٢-٣ توێژینەوەکانی پێشو

**یەکەم: توێژینەوەکانی تایبەت بە پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی**

**-توێژینەوەی (ذنون، جیاد- ٢٠٢٣)،** (أثر برنامج تربوي للدعم النفسي والاجتماعي للأطفال الناجين من غرق العبارة في محافظة نينوى). ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی زانینی

کاریگەریی بەرنامەی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتییە بۆ لێکۆڵینەوە لە نەخۆشیەکانی فشاری دەرونی دوای توشبونیان بەفشاری دەرونی بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگای پێوەری فشاری دەرونیان بەکار هێنا بۆ منداڵان(کە ڕوداوەکان کاریگەریان لەسەری هەبووە) کە پێکدێت لە ١٥ بڕگە و بەرنامەیەک بۆ پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی، کە پێکدێت لە ١٢ وانە کە کۆمەڵێک چالاکیی کات بەسەربردن، هونەری، وەرزشی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، یاری و خەیاڵی لەخۆدەگرێت، دوای دەرهێنانی ڕەوایی و متانەپێکراوی ئامرازەکانی توێژینەوە، ئەوان بەکارهێنران بۆ نمونەی توێژینەوەکە کە ١٣خوێندکاری لەخۆگرتبو، لەو نێوانەدا ٤ سەرکەوتن و ٩ ئەندامی خێزانەکەیان لە دەست دابو ، کە هەمویان قوتابیبون لە خوێندنگای سەرەتای دوای پرۆسێسکردنی ئاماری داتاکان، ئەنجامەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو بەرنامەیەی کە بەکارهاتووە بووەتە هۆی کەمبونەوەی تێکچونی فشاری دوای کارەسات لە نێوان ئەندامانی نمونەدا ، چونکە جیاوازی لە هەڵسەنگاندنیان لە پێش و دوای تاقیکردنەوەکە هەبو، لە بەرژەوندی هەڵسەنگاندنەکە کۆتای پێهات لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەدا، توێژەران کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیازیان دارشت (ذنون، جیاد-2023-لا146).

**دووەم: توێژینەوەکانی تایبەت بەتەندروستیی دەرونی**

**توێژینەوەی (علاوي-٢٠١٧)**، (انعكاسات التشتت الاسري على الصحة النفسية للطفل اليتيم). ئامانج لەم توێژینەوەیە بۆ دیاریکردنی ئاستی کێشە دەرونیەکانی مناڵە لە خێزانە لێک هەڵوەشاوەکانی کۆمەڵگا بەشێوازێکی مەیدانی لە توێژینەوەکەیا کۆمەڵێک نمونەی هەڕەمەکیان وەرگرت بەپێی جۆری ڕەگەز، پێکهاتبون لە ٣٠ مناڵ ڕوبەڕوی کێشە دەرونیەکان بونەوە ١٥ کچ بون وە ١٥ کوڕ کۆ تەمەنیان لە نێوانە ٩ بۆ ١١ساڵدایە کە بەسەر حەوت یەکەی پەروەردەی بنەڕەت دابەش بون لە دەزگا پەروەردەیەکانا ئەنجامەکان ئاستی بەرزی فشاری دەرونی مناڵەکان لە خێزانە جیابۆوەکاندا نیشاندەدات: دڵەڕاوکێ، ماندوبونی جەستەیی ، جیاوازی ڕەگەزی لەلایەن خێزانە جیابۆوەکان,لە لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بۆ بون و گرنگی یاریدەدەرە کۆمەڵایەتیەکان کردۆتەوە کە هەڵدەستن بە دیاریکردنی نەخۆشیەکە و ئاراستە کردنی و ئامۆژگاریان دەکەن کە چۆن کێشە دەرونیەکان کۆنترۆڵ بکەن. (علاوي-٢٠١٧-لا257)

## ٣- ڕێککارەکانی توێژینەوە

ئەم بەشە پێکدێت لە پرۆگرامی توێژینەوە و دیاریکردنی کۆمەڵی توێژینەوە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە،ئامادەکردنی پێوەرەکان و دڵنیابون لە ڕاستگۆیی و جێگیریەتییان و جێبەجێکردنی پێوەرەکان و چۆنیەتی کۆکردنەوەی داتاکان بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئامانجەکان.

**٣-١ میتۆدی توێژینەوە:**

بە هۆی سروشتی گەڕانی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بە ڕێبازی وەسفی بەستووە، کە لەگەڵ ئامانجەکانی دا دەگونجێت و ئاسانکاری دەکات، کە بە دیاریکەری سەرەتایی وەڵامی پرسیارەکانی ، بۆ شێوازی شیکردنەوەی ئاماریی پشت بە شیکردنەوەی چۆنیەتی داتاکان دەبەستن، هەروەها شێوازی شیکردنەوەی سادەی ئامار وەک فریکوێنس و ڕێژەکان و تێکڕاکان.( حمزة، ٢٠١٧،ص27)

**٣-٢ کۆمەڵی توێژینەوە:**

مەبەست لە کۆمەڵی توێژینەوە هەمو تاکەکان دەگرێتەوە کەوا توێژەر دەیەوێت خوێندنەوەی بۆ بکات.(ملحم، 2007,ص٢٦٩). کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە منداڵانی لە خانەی بێ سەرپەرشتان ،کە توێژەر هەڵساوە بە وەرگرتنی ئاسانکاری لە بەڕێوبەرایەتی وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی داتا ، ژمارەیان( 60) بە منداڵ کە نیشتەجێی خانەی بێ سەرپەرشتانی شاری هەولێرن . خشتەی(1).

خشتەی(1)

ژمارەی منداڵانی کە نیشتەجێی خانەی بێ سەرپەرشتانی شاری هەولێرن

| منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان | ڕێژە |
|---|---|
| کوڕ | 27 |
| کچ | 33 |
| کۆی گشتی | 60 |

**٣-١ نمونەی توێژینەوەکە:**

توێژەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار نمونەی توێژینەوەکەی هەڵبژارد کە ژمارەیان(35)منداڵ بو لە خانەی بێ سەرپەرشتان و لەگەڵ ڕەچاوکردنی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ڕەگەز) خشتەی(2).

خشتەی(2)

نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی تەمەن، ڕەگەز، ماوەی مانەوە

| نمونەی توێژینەوە | ڕەگەز | | تەمەن | | | ماوەی مانەوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | | | | | |
| 35 | 17 | 18 | 7-10 ساڵ | 11 بۆ 14 | 14بۆ 18 | 1-5ساڵ | 6-10ساڵ | 11-16ساڵ |

**٣-٢ پێوەری توێژینەوە**

**یەکەم: پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی**

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بە پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی کە ئامادەکراوە لەلایەن (الدوسري، ٢٠٢٠) بەستووە ،کە پێکهاتووە لە (28) بڕگە کە بەپێی وەڵامی هەڵبژێردراو وەڵام دەدرێتەوە بریتین لە(بە دەگمەن ،هەندێ کات، زۆربەی کات)کە نمرە بۆ بڕگە پۆزیتیفەکان (3-2-1) بۆ بڕگە نێگەتیڤەکان بەمشێوەیە دادەنرێت لەدوای یەک((1-2-3).

**دووەم: دروستیی دەرونی:**

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بەستووە بە پێوەری تەندروستیی دەرونی کە ئامادەکراوە لەلایەن (قادر،2013) ،کە پێکهاتووە لە (28) بڕگەکە بەپێی وەڵامی هەڵبژێردراو وەڵام دەدرێتەوە کە بریتین لە(هەمیشە،زۆربەی جای ،هەندێجار، زۆر بەکەمی، هەرگیز)کە نمرە بۆ بڕگە پۆزیتیفەکان (5-4-3-2-1) بۆ بڕگە نێگەتیڤەکان بەمشێوەیە دادەنرێت لەدوای یەک(1-2-3-4-5)کە پێوانەی تەندروستیی دەرونی دەکات.

**٣-٣ ڕاستگۆیی پێوەر: ڕاستگۆیی وەرگێڕان:** پێوەرکان بە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە بۆیە توێژەران هەڵسان بە وەرگێڕانی پێوەرەکە بە ڕەچاوکردنی هەنگاوە زانستییەکان بۆ

وەرگێڕان تۆێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی گرتەبەر بۆ بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێڕان:

1-وەرگێڕانی پێوانەی توێژینەوەکە لەزمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی.

2- پێوانەوەرگێڕدراوەکە درا بەپسپۆڕێك لەبەشی کوردی .

3-پێدانی کۆپیە وەرگێڕدراوەکە بەمامۆستایەکی پسپۆڕی بەشی عەرەبی بۆ ئەوەی بڕگەکان لە زماني کوردی بکاتەوە بە زماني عەرەبی دوبارە . پاشان هەر دو کۆپی اوریجناڵەکە و وەرگێڕدراوەکە درا بە مامۆستایەک لەبەشی ڕێنمایی پەروەردەی دەرونی بۆ بەراوردکردنیان.

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:** توێژەران ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ هەردو پێوەر بەکارهێنا ، بۆ ئەم مەبەستە پێوەر درا بە چەند شارەزایەکی ڕێنمایی دەرونی و پەروەردەیی کە ژمارەیان (8)شارەزابو بۆ هەر بڕگەیەک ڕێژەی( 80% ) زیاتر وەک ڕێژەی ڕازیبونی شارەزایانە بۆ بڕگەکە لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دا . لەپێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەم برگانە لادران (10-21-24-25-32) ڕێژەی 77% وەرگرت، وە لە پێوەری تەندروستیی دەرونی ئەم برگانە لادران ( 26-30) 77% وەرگرت .خشتەی (3)

خشتەی (3)

پیشاندانی ژمارەی ڕازیبون و نەبونی شارەزایان لەسەر پێوەرەکان

| پێوەر | بڕگەکان | قەبارەی ڕازیبون | ڕێژەکەی | ژمارەی ڕازینەبون | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی | 1-3-5-6-7-8-9-11-12-13-16-17-18-22-26-28-29-31-34 | 9 | %100 | 0 | %0 |
| - | 2-14-15-17-19-20-23-30-33 | 8 | %88 | 1 | %12 |
| - | 10-21-24-25-32 | 7 | %77 | 2 | %23 |
| تەندروستیی دەرونی | 1-2-4-6-7-8-9-11-12-13-14-15-16-17—18-22-24-25-27-28-29 | 9 | %100 | 0 | %0 |
| - | 10-19-20-21-23 | 8 | %88 | 1 | %12 |
| - | 26-30 | 7 | %77 | 2 | %23 |

## ٤-٣ جێگیریەتی پێوەرەکان:

**شێوازی دابەشکردنی نیوەیی:** شێوازی دابەشکردنی پێوەرە بۆ دو بەش بەنزیکەیی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی جارێک پێوەرکردن ، و دابەش کردنی بەسەر دو بەش کە نزیک یان یەکسان بن.

هەریەک لە دو بەشەکە یەکەیەکی نمونەی جیاواز لەخۆدەگرێت سەرەڕای قەبارە بچوکەکەی (علام، 2007، 235ص).

پێوەرەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش ئەکرێت بەسەر دو بەش (تاک و جوت)، و ڕێژەیەکی هەژماری ئەکرێت لە پەیوەندی نێوان نمرەی تاک و کۆ (العزاوي، 2007، 98ص).

بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بەردەستبونی تایبەتمەندی جێگیری بە شێوازی دابەشکردنی نیوەیی توێژەر جارێک پێوەرەکەی بەکارهێناوە دابەشیکرد بەسەر (15) منداڵ، پاشان بڕگەکانی پێوەرەکەی دابەشکردووە بەسەر دو نیوەدا، بڕگەیەک ژمارەی تاک و بڕگەیەک ژمارەی جوت لەخۆ ئەگرێت و نمرەکانی ژمارە تاکەکان کۆئەکرێنەوە و نمرەکانی ژمارە جوتەکان کۆئەکرێنەوە هەر یەک بە جیا لە نمونەی توێژینەوەکە. پاشان بەهای ڕێژەی پەیوەندی نێوان دو نیوەکە هەژمار کراوە بە بەکارهێنانی پەیوەندی پێرسۆن بۆ پەیوەندی نێوان بڕگە تاکەکان و نمرەکانیان لەسەر بڕگە جوتەکانی پێوەرەکە گەیشتنە بەهای ڕێژەی پەیوەندی نێوان دو نیوەکە (0.75) بو. ئەنجامەکە بە هاوکێشەی (سپیرمان براون) پشتڕاست ئەکرێتەوەو ڕێژەی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی دوای دەستکاریکردن بە هاوکێشەی(سپیرمان براون) (0.88)ە، کە ڕێژەیەکی باشە.و ڕێژەی تەندروستیی دەرونی بە بەکارهێنانی پەیوەندی پێرسۆن بۆ پەیوەندی نێوان بڕگە تاکەکان و نمرەکانیان لەسەر بڕگە جوتەکانی پێوەرەکە گەیشتنە بەهای ڕێژەی پەیوەندی نێوان دو نیوەکە (0.72) دوای دەستکاریکردن بە هاوکێشەی (سپیرمان براون) (0.84)ە، کە ڕێژەیەکی باشە.

خشتەی(4)

بەهای جێگیرییەتی بۆ پێوەرەکە بە شێوازی دابەشکردنی نیوەیی پیشان دەدات.

| پێوەر | ژمارەی نمونەکە | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان |
|---|---|---|
| پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی | 15 | 0.88 |
| تەندروستیی دەرونی | 15 | 0.84 |

**٥-٣ جێبەجێکردنی کۆتایی:** دوای ئامادەکردنی پێوەرەکانی (پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیی دەرونی) ،ئینجا جێبەجێکرا بەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (35) منداڵ بو لە خانەی بێ سەرپەرشتان ، توێژەر شێوازی ئاماری گونجاوی بەکارهێنا لە بەرنامەی (SPSS) بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان.

## ٦-٣ شێوازی ئاماری:

١. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نمونە بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئاماری لە نێوان بەهای نێوەندە ژمێرەیی و بەهای نێوەندە گریمانەیی بۆ پێوەرەکان.

٢. بەکارهێنانی شـــیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئاماری لای منداڵانی بێ سەرپەرشت لە خانە بەپێی (تەمەن، ماوەی مانەوە).

٣. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو نمونە بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئاماری لای منداڵانی بێ سەرپەرشت لە خانە بەپێی (ڕەگەز).

٤. بەکارهێنانی هاوکۆلکەی سپێرمان بۆ دەرهێنانی جێگیریەتی پێوەرەکە.

٥. بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پیرســـون بۆ دەرهێنانی جێگیریەتی پێوەرەکە و پەیوەندی نێوان دو گۆڕاوەکە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp266-275

## ٤. پیشاندانی ئەنجامەکان و راڤەکردنی

**ئامانجی یەکەم/** پێوانەی ئاستی پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان.

خشتەی(5)

ئەنجامی بەهای تائی بۆ یەک نمونە لە جیاوازی ئاستی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی.

| گۆڕاو | نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای(ت) ژمێردراو | بەهای(ت) خشتەیی | نمرەی سەربەستی | **ئاستی ئاماری 0.05** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵپشتی دەرونی و کۆمەلایەتی | 35 | 55.2571 | 12.29142 | 56 | -.,358 | 2.03 | 34 | بەڵگەداری نییە |

لە خشتەی (5) بە دیاردەکەوێت کە بەهای تائی یەک نمونەی بەکارهاتووە بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاستی ئاماری بەڵگەداری لە نێوان نێوەندە ژمێرەیی و نێوەندە گریمانەیی لە پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان کە تیایدا پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە نییە، چونکە ( ت،ژمێردراو) بچوکترە لە (ت، خشتەیی) توێژەران هۆکارەکەی دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە منداڵی خانە بێبەشن لە بونی پاڵپشتیی دەرونی کۆمەڵایەتی بۆ خودی منداڵەکان دەگەڕێنێتەوە کە لە قۆناغێکی هەستیارن بێبەشن لە سۆزی خۆشەویستی باوان و کەسوکاریان ئەمەش وایکردووە هەست بکەن، پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتیان پێشکەش ناکرێت وە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە کە کاریگەریی دەوروبەری لەسەر دەبێت، منداڵەکانی خانە هەموویان هاوڕێیەتیەکی بەهێزیان لە نێوانیان هەیە ئەمەش وایکردووە زۆرجار کاریگەریی نەرێنیان لەسەر هەبێت بەهۆی ئەوەی بیرکردنەوە نەرێنیەکانیان دەربارەی خانە و باوانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەروەك چۆن تیۆری وابەستەیی سۆزداری ( نظرية التعلق الوجداني) (وڵبی) لە بیردۆزەکەیدا رونیکردەوە کە ئەو تاکانەی وابەستەیی سروشتی باشیان هەیە لەگەڵ ئەوانی تر زیاتر پشت بە خۆیان دەبەستن لە چاو ئەوانەی ئەم پەیوەندیانەیان نییە، لە نەبونی ئەو پەیوەندییە کە لە رێگەیەوە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێت، تاک ڕوبەڕوی چەندین مەترسی ژینگەیی دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی دابڕان و کشانەوە و دورکەوتنەوە لە کەسانی دیکە.(حبيب،2022 ،لا 426). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت منداڵانی خانە بۆ پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی هەوڵیانداوە زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن بەڵام سەرکەوتو نەبونە.

**ئامانجی دووەم/** پێوانەی ئاستی دروستیی دەرونی لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان.

خشتەی(6)

ئەنجامی بەهای تائی بۆ یەک نمونە لە جیاوازی ئاستی درووستیی دەرونی.

| گۆڕاو | نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای(ت) ژمێردراو | بەهای(ت) خشتەیی | نمرەی سەربەستی | **ئاستی ئاماری(0.05)** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دروستی دەرونی | 35 | 87.7143 | 14.42337 | 84 | 1.524 | 2.03 | 34 | بەڵگەداری نییە |

لە خشتەی (6) بە دیاردەکەوێت کە بەهای تائی یەک نمونەی بەکارهاتووە بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاستی ئاماری بەڵگەداری لە نێوان نێوەندە ژمێرەیی و نێوەندە گریمانەیی لە پێوەری دروستیی دەرونی لە لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان کە تیایدا دروستی دەرونی لای نمونەی توێژینەوەکە نییە، چونکە ( ت،ژمێردراو) بچوکترە لە (ت، خشتەیی) بە بۆچونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی چونکە منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان، لەڕوی دروستی و دەرونیەوە داروخاون هەرچەندە گرینگی تەواویان پێدەدرێت لە لایەن کارمەندانی خانە، بەڵام ئەمە واینەکردووە دروستیی دەرونی بەدەست بێت بۆ منداڵەکان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی منداڵان دوای گۆڕانی ژینگەیان لە شۆکی دەرونی دان کە نەیان توانیووە لەو شۆکەدا ڕزگار بن، هەمیشە خەونی ناخۆش دەبینین جگە لەوەی لەڕوی جەستەیی بێ توانا و سستن حەز بە چالاکیەکان ناکەن لەگەڵ هاوخانەکانیان.

**ئامانجی سێیەم** /أ/ جیاوازی ئاماری بەڵگەداری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی (تەمەن )

خشتەی(7)

ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا لە جیاوازی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەپێی تەمەن.

| پێوەر | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی سەربەست | نێوەندەکانی چوارگۆشەکان | بەهای فائی ژمێردراو | بەهای فائی خشتەیی | ئاستی ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکان | 1265.418 | 2 | 632.707 | 0.011 | 3.3 | بەڵگەدار نیە |

لە خشتەی ژمارە(7) بەدیار دەکەوێت کە شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتووە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی بەپێی تەمەن کە تەمەنەکان بەمشێوەیە کراوەتە 3 ئاست کە بریتین لە (7بۆ10 ساڵ - 11بۆ14 ساڵ- 15 بۆ 18 ساڵ) بۆ پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی ، کە ئەنجامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەهای فائی ژمێردراو بچوکترە لە بەهای فائی خشتەیی وە بەڵگەدارنییە لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری بەپێی نمرەی سەربەست (2)ی ئاسۆیی و (34)شاقوڵی، بەمەش بەپێی تەمەن جیاوازی نییە لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp266-275

پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان. بە بڕوای توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی، چونکە هەمو منداڵانی ئەو خانەیە لە ژینگەیەکدا دەژین کە هانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەدات، کە دەبێتە هۆی هەستکردن بە سەربەخۆیی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەش وایکردووە کە جیاوازی دەرنەکەوێت لە هەست کردن بە پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بە پێی تەمەن.

**ئامانجی سێیەم /ب/** ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دو نمونەی بۆ گۆڕاوی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەپێی (ڕەگەز)

خشتەی(8)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دو نمونەی بۆ گۆڕاوی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و بەپێی (ڕەگەز)

| پێوەرەکان | ڕەگەز | نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی ئاماری | نمرەیی سەربەستی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی | نێر | 16 | 57.6875 | 8،99421 | 33 | 1.076 | 2.03 | بەڵگەداری نییە |
| | مێ | 19 | 53.2105 | 14.43214 | | | | |

جیاوازی نییە بەپێی ڕەگەز لە پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەمەش تویژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردو ڕەگەز (نێر و مێ) چونکە لە یەک ماڵ و ژینگەدا دەژین وە لە خانە جیاوازی ناکرێت لە پاڵپشتی کردنیان، هەروەها جگە لەوەی منداڵەکانی خانە بۆچون و بیرۆکەکانیان لێک نزیکە ئەمەش وایکردووە ڕەگەز جیاوازی نەبێت، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ باشی و کاریگەر بونی ئەو بەرنامانەی کە لەو خانەیەدا جێبەجێ دەکرێن کە خۆیان لە بەهێزکردن و ئامۆژگاریکردن و کۆمەڵێك چالاکی دەبینێتەوە، ئەمەش وا دەکات کە یارمەتییان بدات لە پەرەپێدانی ستراتیژیەتەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی دەبنەوە. چونکە جیاوازی لە نێوان ڕەگەز بۆ جێبەجێ کردنی ئەو جۆرە بەرنامانە ناکرێت.

**ئامانجی سێیەم** /ج/ جیاوازی ئاماری بەڵگەداری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی (ماوەی مانەوە لە خانە )

خشتەی(9)

ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا لە جیاوازی ئاماری پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەپێی ماوەی مانەوە لە خانە

| پێوەر | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی سەربەست | نیوەندەکانی چوارگۆشەکان | بەهای فائی | | ئاستی ئاماری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکان | 510.819 | 2 | 255.410 | 1.767 | 2.6 | بەڵگەدار نییە |
| | لەناو گروپەکان | 4625.867 | 32 | 144.558 | | | |
| | کۆی | 5136.686 | 34 | | | | |

لە خشتەی ژمارە(9) بەدیار دەکەوێت کە شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتووە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان ماوەی مانەوە لەخانە, کە بریتین لە 3 ئاست: (1بۆ5 ساڵ - 6بۆ 10 ساڵ- 11 بۆ 16 ساڵ) بۆ پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی ، کە ئەنجامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەهای فائی ژمێردراو بچوکترە لە بەهای فائی خشتەیی وە بەڵگەدار نییە لە هیچ ئاستێکی ئاماری بەڵگەداری بەپێی نمرەی سەربەست (2)ی ئاسۆیی و (34)شاقوڵی، واتە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەداری لەنێوان ساڵەکانی مانەوە لە پێوەری پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە نییە, بە بڕوای توێژەر هۆکاری کاریگەرنەبونی ماوەی مانەوە بۆ پێوەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمان ژینگەیان هەیەو هەمان چەشنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**ئامانجی چوارەم /أ/** جیاوازی ئاماری بەڵگەداری درووستیی دەرونی بەپێی گۆڕاوی (تەمەن )

خشتەی(10)

ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا لە جیاوازی درووستیی دەرونی بەپێی تەمەن

| پێوەر | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی سەربەست | نیوەندەکانی چوارگۆشەکان | بەهای فائی | | ئاستی ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ژمێردراو | خشتەیی | |
| درووستیی دەرونی | لەنێوان گروپەکان | 495.045 | 2 | 247.522 | 1.204 | 3.3 | بەڵگەدار نیە |
| | لەناو گروپەکان | 6578.098 | 32 | 205.566 | | | |
| | کۆی | 7073.143 | 34 | | | | |

لە خشتەی ژمارە(10) بەدیار دەکەوێت کە شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتووە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی بەپێی تەمەن بۆ پێوەری دروستیی دەرونی کە بەمشێوەیە تەمەنەکان کراون بە 3 ئاست: (7بۆ10 ساڵ - 11بۆ 14 ساڵ- 15 بۆ 18 ساڵ) بۆ پێوەری دروستیی دەرونی، کە ئەنجامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەهای فائی ژمێردراو بچوکترە لە بەهای فائی خشتەیی وە بەڵگەدار نییە لە هیچ ئاستێکی ئاماری بەڵگەداری بەپێی نمرەی سەربەست (2)ی ئاسۆیی و (34)شاقوڵی، واتە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەداری لەنێوان چەشنەکانی تەمەن لە پێوەری درووستیی دەرونی لای نمونەی توێژینەوەکە نییە، بە بڕوای توێژەر هۆکاری کاریگەرنەبونی تەمەن

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp266-275

بۆ پێوەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەرمانبەرانی ناو خانەیە توانیویانە ژینگەیەکی پشتگیری و جێگیر بۆ منداڵان دابین بکەن بە بێ جیاوازی کردن لە تەمەن، کە تێیدا چاودێری و پشتیوانی پێویست وەردەگرن، ئەم ژینگەیەی کە ئەو منداڵانە تێیدا دەژین جێگیر و ئاراستەکراوە بۆ هەمویان وەك یەك، کە ئەمەش دەبێتە هۆی باشترکردنی تەندروستیی دەرونی.

**ئامانجی چوارەم /** ب/ ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دو نمونەی بۆ گۆڕاوی دروستیی دەرونی بەپێی ڕەگەز

خشتەی(11)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دو نمونەی بۆ گۆڕاوی درووستیی دەرونی بەپێی (ڕەگەز)

| پێوەرەکان | ڕەگەز | نموونە | ناوەندی گریمانەیی | لادانی ئاماری | نمرەیی سەربەستی | بەهای تائی ژمێردراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەندروستیی دەرونی | نێر | 16 | 89.6875 | 18.06182 | 33 | .,738 | 2.03 | بەڵگەداری نییە |
| | مێ | 19 | 86.0526 | 10.71071 | | | | |

جیاوازی نییە بەپێی ڕەگەز لە گۆڕاوی تەندرووستیی دەرونی ئەمەش بەبڕوای توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاودێری کۆمەڵایەتی و دەرونیەی کە منداڵانی ئەو خانەیە وەریدەگرن، جا لە ڕێگەی ستاف و خۆبەخش یان خزمەتگوزاری ڕاوێژکارییەوە بێت، کە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرەودان بە تەندروستیی دەرونی ئەم منداڵانە ببینێت ، هەروەها گرنگیدان بە تەندروستیی دەرونی، خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستیی دەرونی و پشتیوانی دابین دەکرێت بۆ منداڵانی ئەو خانەیە، کە دەتوانێت تەندروستیی دەرونی و هەستی ئەم منداڵانە باشتر بکات. ئەم خزمەتگوزاریانەش هەموو منداڵێك لە خۆ دەگرێت بە بێ گوێدانە تەمەن یاخود ڕەگەز، هەر لەبەر ئەمەشە کە جیاوازی دەرنەکەوتووە لە تەندروستیی دەرونی لای ئەو منداڵانە بە پێی ڕەگەز.

**ئامانجی چوارەم /** ج/ جیاوازی ئاماری بەڵگەداری دروستیی دەرونی بەپێی گۆڕاوی (ماوەی مانەوە لە خانە )

خشتەی(12)

ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا لە جیاوازی ئاماری پێوەری تەندروستیی دەرونی بەپێی ماوەی مانەوە لە خانە

| پێوەر | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی سەربەست | ناوەندەکانی چوارگۆشەکان | بەهای فائی ژمێردراو | بەهای فائی خشتەیی | ئاستی ئاماری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دروستیی دەرونی | لەنێوان گروپەکان | 990.269 | 2 | 495.134 | 2.12 | 2.6 | بەڵگەدار نیە |
| | لەناو گروپەکان | 6082.874 | 32 | 190.090 | | | |
| | کۆی | 7073.143 | 34 | | | | |

لە خشتەی ژمارە(12) بەدیار دەکەوێت کە شیکردنەوەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتووە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان ماوەی مانەوە لەخانە کە بریتین لە 3 ئاست: (1بۆ5 ساڵ - 6بۆ 10 ساڵ- 11 بۆ 16 ساڵ) بۆ پێوەری تەندروستیی دەرونی ، کە ئەنجامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەهای فائی ژمێردراو بچوکترە لە بەهای فائی خشتەیی وە بەڵگەدار نییە لە هیچ ئاستێکی ئاماری بەڵگەداری بەپێی نمرەی سەربەست (2)ی ئاسۆیی و (34)شاقوڵی، واتە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەداری لەنێوان ساڵەکانی مانەوە لە پێوەری تەندروستیی دەرونی لای نمونەی توێژینەوەکە نییە، بە بڕوای توێژەر هۆکاری کاریگەرنەبونی ماوەی مانەوە بۆ پێوەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵانە هەمان ژینگەی دەرونیان بۆ فەراهەمکراوە لەلایەن فەرمانبەران و توێژەرانی خانەکەوە ئەمەش وایکردوە جیاوازی لە نێوانیان دەرنەکەوێت بەپێی ماوەی مانەوەکەیان.

**ئامانجی پێنجەم /** ئەنجامی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکانی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیی دەرونی

سروشتی پەیوەندی نێوان پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیی دەرونی لە نمونەی توێژینەوەکەدا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان تەندروستیی دەرونی و تەندروستیی دەرونی بۆ کۆی نمونەکە، هەردو ڕێژەی پەیوەندییان بە بەکارهێنانی ڕێژەی پەیوەندی پیرسۆن لە نێوان نمرەکانی ئەندامانی نمونە لەسەر دو پێوەرەکانی کە پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیی دەرونی یە بۆ کۆی نمونەکە دەریانخست کە پەیوەندییەکی بەرچاو و ئەرێنی هەیە, وەک لە خشتەی (11)دا نیشان دراوە.

خشتەی ( 11 )

ئەنجامی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکانی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و دروستیی دەرونی

| گۆڕاوەکان | ڕێژەی پەیوەندی |
|---|---|
| ڕێژەی پەیوەندی بۆ گۆڕاوەکانی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندرووستی دەروونی | $0.73^{**}$ |

لەو خشتەیە بەدیار کەوتووە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیی دەرونی واتا ئەگەر پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتیان بەرز بێت ئەوا تەندروستیی دەرونیش بەرز دەبێت و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

## ٥. خستنەرووی دەرەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

١. کاریگەریی نەبونی (ڕەگەز، تەمەن ، ماوەی مانەوە ) بەپێی گۆڕاوی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە.

٢. کاریگەریی نەبونی (ڕەگەز ، تەمەن ، ماوەی مانەوە) بەپێی گۆڕاوی تەندروستیی دەرونی لای نمونەی توێژینەوەکە.

٣. بونی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردو گۆڕاو لای نمونەی توێژینەوەکە.

### ڕاسپاردەکان

١. زیاتر پێشکەشکردنی ڕێنمایی بەشێوەیەکی پڕۆگرام بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی تەندروستیی دەرونی لای منداڵ لە خانە.

٢. بونی هۆشیاری پێش هاوسەرگیری تاوەکو منداڵ نەبێتە قوربانی و بێ لانەبێت.

٣. ئاراستەکردنی خێزانەکانی کۆمەڵگا لە پێدانی هۆشیاری و ئاگاداری پاراستنی خێزانەکانیان لە لێکترازان.

### پێشنیازەکان

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر تەندروستیی دەرونی و پەیوەندی بە دورە پەرێزی لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ململانێی دەرونی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی داهاتو لای منداڵان لە خانەی بێ سەرپەرشتان.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر شۆکی دەرونی پەیوەندی بەدابڕانی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە.

## سەرچاوەکان


بونوة، عمارة، نسرين بونوة، لامية بن عمارة ( ٢٠٢٢) الصحة النفسية وعلاقتها بالدعم النفسي ـ والاجتماعي لدى تلاميذ السنة الثالثة ثانوي دراسة ميدانية بثانويتي نور الدين زرواق خديجة بن رويسي بالمدية، جامعة يحي فارس بالمدية

الدوسري، خليفة بن ناصر العماري (٢٠٢٠) الدعم النفسي ـ الاجتماعي وعلاقته بالضغوط النفسية لدى رجال الشرطة في دولة قطر - جامعة بروئيل، لندن - المملكة المتحدة

ذيب، عليق، رانية ذيب ، حكيمة عليق ( ٢٠٢٢) أثر الضغوط النفسية على الصحة النفسية لدى المرأة العاقر، دراسة عيادية لثلاث حالات - جامعة العربي بن مهيدي-أم البواقي-

ذنون، جياد ، نعيمة يونس ذنون ، رنا كمال جياد(٢٠٢٣) أثر برنامج تربوي للدعم النفسي ـ والاجتماعي للأطفال الناجينمن غرق العبارة في محافظة نينوى، جامعة الموصل

حصران شيماء - يوكاف رحمة(٢٠٢٢) سوء معاملة الأطفال وأثارها على الصحة النفسية والاجتماعية، دراسة ميدانية بمتوسطة هواري بومدين ببلخير قالمة ، جامعة 8 ماي 1945 قالمة-الجزائرية

حبيب، ليث حازم(٢٠٢٢) الدعم النفسي ـ والاجتماعي في ظل تداعيات جائحة كورونا لدى طلبة قسم التربية الخاصة- جامعة الموصل

حمدالدين، رضية محمد المحسن (٢٠٢٢) دور الابتكار الاجتماعي في تحقيق الدعم النفسي ـ الاجتماعي لنزلاء مجمع الإرادة والصحة النفسية بالرياض، جامعة الملك عبد العزيز

قەرەچەتانی، کریم شەریف(٢٠١٥) سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم - چاپ خانەی پیرەمێرد- سلێمانی-حسین،

علاوي، محمد علاوي(٢٠١٧) انعكاسات التشتت الأسري على الصحة النفسية للطفل اليتيم- جامعة سعيدة

غمري، سارة غمري(٢٠١٨)مؤشرات الصحة النفسية لدى الطفل اليتيم، جامعة محمد خيضر بسكرة

قادر، ريبوار محمد آمين (٢٠١٣) الهوية الاجتماعية وعلاقتها بالصحة النفسية لدى طلاب الجامعات بمحافظة السليمانية بكوردستان العراق-جامعة أم درمان الإسلامية

قبايلية،قبايلية، ريان قبايلية، مباركة ايناس قبايلية،(٢٠٢٢) الصحة النفسية لدى عينة من قاطني دور الطفولة المسعفة دراسة ميدانية بداري الطفولة المسعفة بولاية قالمة، جامعة 8 ماي 1945 قالمة-الجزائرية

منال، طلحي منال(٢٠١٨) دور الدعم النفسي الاجتماعي للأستاذ في تحقيق التكيف المدرسي لدى تلاميذ السنة الأولى ثانوي، جامعة محمد الصديق بن يحي

Adele,Jaraiseh, Adele Yousef, Salem Jaraiseh(2019)The Effects of Psychosocial Support Program on Coping and Problem Solving Skills on the Elementary Students at Ramallah Friends Girls School, Al-Quds University.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp266-275